

# بۆ هەر دەبێت نێچیر سەرۆکی حکوومەتی هەرێم بێت؟

## -بەشی یەکەم-

## ئاریان سۆرانی

سەیرە! سەیریش نییە لە ڕاستیدا! کەواتە ئەمە مەتەڵێکە پێویستی بە تێڕامان و بیرلێکردنەوە هەیە. لە ڕاستیدا, ئەم مەتەڵە بۆ زۆر کەس ئاشکرایە, بۆ زۆر کەسی تریش هەر ڕوونە بەڵام خۆی لێ گێل دەکات ؛ ئەمانە ئەوانەن کە بە پارە ڕادەربڕینی ئازادیان لێ کڕیوون یاخود چاوبەرەوژێری نمەکی ماڵی مەلان. بەڵام ئەوەی کە زۆر مەترسی دارە ئەوەیە کە کەسانی زۆرمان هەن کە نەزانن و هەر نەزانانەش وەک دەرویش و موورید دوای شتێک کەوتوون کە بە پیرۆزی دەزانن و هەر ئەوەندە دەزانن کە چەپڵە بکووتن. ئەمانە زۆر باش لە هەموو شت تێنەگەشتوون, وە بە زەحمەتیش تێدەگەن. ئەمە دەکەمە دەستپێکی نووسینەکەم و درێژەی نووسینەکەشم هەر لەمەوە سەرچاوە دەگرێت.

پێش ئەوەی کە وەڵامی پرسیارەکەی سەردێڕ دەست نیشان بکەم, نابێت و ئاسان نییە باس لە مێژوو و پێکهاتەی ناوەکی و دەرەکی (پ,د,ک) نەکەیین. بێگوومان (پ,د,ک) کوورتکراوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ە. ئەگەر لەناوی پارتەکەوە بڕیار بدەیین, ئەوا دەبوو (پ,د,ک) پارتێکی دیموکراتی بێت, کە بێگوومان وانییە. جا, یان دیموکراتی لای پارتی و بنەماڵەی مەلا مستەفا پێناسەو بەرگێکی تری هەیە, یان ئەوەتا هەموو خەڵکی کورد بە گێل دەزانن و کڵاویان خستۆتە سەر هەموو گەل (بێگوومان مەبەستم ئەوانەن کە خۆیان بە پارتی دەزانن). گوومانی تێدا نییە کە <یان>ی دووەمیان ڕاستە. لەبەرئەوەی کە دیموکراتی تەنها یەک پێوانە و پێناسەی هەیە لە هەرشوێنێکی دنیا بێت. بەواتایەکی تر, دیموکراتی تەنها یەک ڤێرشنی هەیە, وە هەر دیموکراتییەکیش لە پێوانە ڕاستەقینەکەی خۆی لای دا یان کەم و کوڕی هەبێت, پێی ناوترێت دیموکراتی, بەداخەوە. مەلا مستەفا کە دەکاتە بابی مەسعوود, بابە گەورەی نێچیر ئەم ویراسەتەی بە بۆماوەیی بۆ هێشتوونەتەوە. مەلا مستەفا بە ئاشکرایی کەسێکی دیکتاتۆر بووە. کەسی وا نەبووە بە ئاسانی قسەکانی بە پیرۆز نەزانیبێت و نەک هەر قبووڵیان نەکات, بەڵکوو نەشیان توانیبووە ڕەخنەی لێبگرن لە کاتی خۆیدا. هەر ئەم دیکتاتۆریەتەی مەلا مستەفا بوو کە بووە هۆی لێکترازان لە نێوان مەکتەبی سیاسی و سەرەکخێڵەکەو هاوسۆزەکانی. بەهەرحاڵ, ئەوەی کە جێی داخە ئەوەیە کە کات و

بار و دۆخی سیاسی, لە نەگبەتی نەتەوەی خێرنەدیوی کورددا, قەلە ڕەشەکە بەرێکەوت بەسەر شانی ئەم سەرەک خێڵە نەخوێندەوارەوە نیشتەوەو بۆیکردیین بە ڕێبەری نەتەوەییمان!!

کورد خۆیان هەر لە مێژە دەستیان لە چەکەکانیان بەرنەداوە و لە خەبات بۆ ڕزگاری خۆیان درێغییان نەکردووە. شۆڕش بەدوای شۆڕش دا هاتووە, مێژووی گەلەکەمان گەواهی ئەو ڕاستییە چەند پات دەکاتەوە, بە دڵنیاییەوە. ئەگەر شۆڕشە پێشینەکان بەڕابەری سەرەک خێڵێک یان نەخوێندەوارێک بوو بێت, ئەوا ڕەنگە زۆر گلەییمان نەبێت چونکە دەتوانین بڵێین کە شۆڕشەکان زۆر لە مێژ بوونە, ئەو کات لە ناو کورداندا خوێندەواران و کەسانی ئەکادیمی زۆر کەمبوون. بەڵام شۆڕشێکی وەک شۆڕشی ئەیلوول کە لە سەرەتاکانی شەستەکانەوە دەستی پێکرد, زۆر ناڕەوا بوو کە کەسێکی نا ئەکادیمی وەک مەلا ڕابەریکرد, تا ئەنجامی ئەو شۆڕشە گەورە و مەزنەی کورد بگەێنێتە دەرەنجامی ئاشبەتاڵ!! چونکە شەستەکان مێژوویەکی دوورنییە و کورد بەشی خۆی خوێندەوار و ڕووناکبیری باشی هەبووە تا بتوانن ژیرانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی ئەو کاتە بکەن, و سوودمەند ببن لە سیاسەتە گرنگە چارەنووسسازەکانی کە لە گەمە گەورە نێودەوڵەتییەکانی ئەو کاتی دوو جەمسەرییدا دەرەخسان. بەڵام لە ڕەشبەختی گەلی کوردی ستەمدیدەدا قەلە ڕەشەکە تووشی ماڵوێرانی کردین و سەرەکخێڵی بۆ کردین بە ڕابەری نەتەوەیی, کە نەک هەر نەیدەتوانی سوودوەربگرێت لە هەل و مەرجی هەڵکەوتووی کاتی خۆی, بگرە سەری لەو شتانەش هەر دەرنەدەکرد. لە هەمان کاتدا ئەم سەرەکخێڵە نەخوێندەوارە کە هەر بەگیانی خێڵەکییەوە هەڵسووکەوتی دەکرد, هەزاران خوێندەوار, ئەکادیمی وئینتێلێکچواڵی لەبەر سۆزی شۆڕشەکە لەدەور کۆببوەوە, بەڵام ئەم قەت ئامادەنەبوو خۆی بەکەم ژێرتر دابنێت و قسەی کەسانی ئەکادیمی و ڕووناکبیر بە هەند وەربگرێ و گوێیان لێبگرێ, لەگەڵیان ڕاوێژبکات. بەدڵنیایی ئەم خەسڵەتانە بەرگێکی دیکتاتۆرییان بە <ڕابەری نەتەوە>ییمان بەخشی. بۆیە هەر ئەم هۆیە کە لە سەرەتاوە ئاماژەم پێدا, بووە هۆی جیابوونەوەی مەکتەبی سیاسی کە لە کۆمەڵێک ڕۆشنبیری پێشکەوتنخواز پێکهاتبوون.

ئەگین لەوکاتەدا,کە کورد زۆر دڵگەرم بوون و وەک هەموو نەتەوەکانی تر خەونیان بە ڕزگارییەوە دەبینی, هەر دەبوو شۆڕش هەڵبگیرسابایە ڕۆژێک لە ڕۆژان. ئەو شۆڕشە کەلە دواییدا بە شۆڕشی ئەیلول ناسرا, هەردەبوو بهاتایە, چوونکە چارەنووس و ڕۆژگاری کورد وا پێویستی دەکرد.

بەڵێ, شۆڕشەکە هات وەک چاوەڕوان دەکرا, بەڵام بەسەقەتی. بەسەرکردەیەکی ناژیرەوە. بەڵێ, لەبری سەرکردەیەکی وا کە ڕزگاری بهێنێت بۆ میللەتەکەی, کەچی ڕەوشتی بۆماوەییان پێشکەشی کورد کرد لە سیستەمی بەڕێوەبەری و فەرمانڕەواییدا.

ئەمانە هەمووی جێی داخن لە ڕاستیدا, بەڵام ئەوەی کە زیاتر جێی داخە ئەوەیە کە لە سەرمان بووە بە ماڵ. چۆن؟ ئەم بەزمەیان خۆشە.  ئەویش ئەوەیە کە وەک بیسمیللاهییەکەی سوورەتەکانی قورئانی لێهاتووە دەبێت لەپێش هەموو شتێکەوە بوترێت, یاخوود دەبێت هەموو شت بەو دەست پێبکات. هەتتا دەبێت بەویش کۆتایی بێت زۆر جار. ئەگەر نا ئەوا هەڵەیەکی گەورەیەوە و هەتاوەکوو بۆیشی هەیە بە خیانەتی نیشتیمانی ناوزەدبکرێت.  ئەگەر سەرنجی میدیاکانی پاری بدەیین ڕۆژانە, ئەوا ئەم ڕاستییانەمان بە ئاسانی بۆ بەدەردەکەوێت. کاتێکیش باس دێتە سەر شەهید ئەوا سەروەری هەموو شەهیدان بۆ بارزانی <نەمر>و کاک ئیدریسی <جوانەمەرگ> یان <هەمیشە زیندوو>, دەگەڕینرێتەوە. هەتتا لەناو شەهید و مردووەکانیشماندا ئەوان دەبێت پایەدارتر و بەڕێزتربن لە شەهیدەکانی تر.
ئەم باس و پیا هەڵدان وپیرۆزکردنانەی کە ئێستا لە ڕۆژگاری دوای مردنی مەلا مستەفا بۆ خودی خۆی هەیە, ناکرێت بکرێت بە خەتای خۆی, چوونکە خۆی مردووە و بڕاوەتەوە. بەڵام ئەی کێ؟  بێگوومان نەوەکانی. ئەی بۆ چ مەبەستێک؟ وەڵامی ئەم پرسیارەیان زۆر گرنگە لە هەمووشیان گرنگترە.

پێشتر ڕوونم کردەوە کە تازە لە ڕەشبەختی کورد دا, گرگڕ ئەم سەرکردە ناشییاوە, لەڕێی چانس و بەختەوە نازناوی <ڕابەری نەتەوەیی> بەرکەوت. هەموو دەزانین کە ئەوان بنەماڵە و خێڵن, وە هەر لەسەر ئەو پرەنسیپەش هەڵسوکەوت دەکەن. هەروەک چۆن لەناو خێڵەکاندا دوای باووک, کوڕ, ئینجا کوڕی کوڕ هتد,,, پۆستەکانیان بۆ دەمێنێتەوە. پاش ئەوەی کە بارزانی خۆی مرد, بێگوومان نەوەکانی چاوەڕێن پۆستەکەی وەربگرن. چاوەڕێن نەتەوەیەک بکەن بە کۆیلە و بەندی خۆیان و بیان پەرستن, لەبەردەمیان بچەمێنەوە. چوونکە کورد قەرزداری خەباتی بارزانین کە <ڕزگار>ی کردوون!!!!

بەڵام کوڕەکانی وەک خۆی نەناسرابوون, بۆیە بۆ ئەوەی دەسەڵات لەدەست بنەماڵەکەیان دوورنەکەوێتەوە, پێویستیان بە سیاسەتی <پیرۆزکردن> بوو. سیاسەی پیرۆزکردن ئەو سیاسەتەیە کە دەسەڵاتی بۆ بنەماڵەی بارزانی هێشتۆتەوە لەناو پارتیدا. کە پارتی دروست بوو, پێکهاتبوو لە مەکتەبی سیاسی لە تایەک و سەرۆکی نەتەوەییش لە تاکەی تری. هەرچەندە بە ڕواڵەت بارزانی جێگری تری هەبوو کە لە بنەماڵە نەبوو, بەڵام ئەمە تەنها کارتۆنی بوو. چوونکە هەر وەک دەرکەوت لە دووایيدا لە دوای مردنی بارزانی ئەو جێگرانە قەت نەبوونە سەرۆکی پارتی وە لە کوڕەکانی خۆی زیاتر کەسیتر حەددیان نەبوو ببنە میراتگری جێگەی سەرۆکی نەتەوەیی.  عەلی عەبدوڵڵای داماو دەبێت هەتا ماوە هەر جێگر

بێت. دەتەوێت هەرئەوەیە, ناتەوێت هەر ئەوەیە. حەللی نێوەند نییە. ئەمانە کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و پێشکەوتنخوازی وا تورەکرد کە دوژمنایەتیشی بکەن لە دواییدا, هەر وەک کۆمەڵیک کردیان. بەڵام وەک کورد دەڵێت بۆیان لواو بەو شێوەیە هێناویانە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ. بۆ ئەوەی بەچکە سەرۆکە یەک لە دوای یەکەکان, کاک ئیدریس و کاک مەسعوود تام لە چێژی سەرۆکێتی و کاک نێچیریش لە سەرەک وەزیرانی ببینن پێویستیان بە سیاسەتی <کەڕکردن و کوێرکردن> ی گەلی کوردیش هەیە. هەربۆیە ڕێبازی بارزانی تەنها بە نەوەکانی خۆی دەپارێزرێت. لە ناو کورددا کەسی تر بە پیاوتر, ژیرتر, باشتر, بەڕێزتر, پیرۆزتر هتد,, نەزانراوە بۆ ئەوەی ئەو شەرەفەی پێ ببڕدرێت. عەلی عەبدوڵڵا و چەندین ڕۆشنبیری تر لەناو پارتیدا تەنها مەسینە هەڵگرتنیان بۆ مایەوە, بە داخەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە هەزاران کەسی لێوەشاوەهەن لە ڕیزەکانی پارتیدا کە بەقەد تەمەنی نێچیر بەس خوێندوویانە زۆر بلیمەتیشن, بەڵام بەداخەوە شەرەفی سەرۆک وەزیرێتی دەبێت هەر بۆ نەوەکانی بەختی سەرشانی ئەو سەرۆکە بێت کە قەلەڕەشەکە بە ڕێکەوت بەسەر شانییەوە نیشتەوە. ئەمە بە ڕۆژی ڕووناک و لەبەرچاواندا دێت و دەچێت, بەڵام سەیر ئەوەیە کە کەس ناتوانێت بپرسێت, ئەرێ تاکەی تۆ سەرۆک بیت و دەست لەم پۆستە بەرنادەیت و با یەکێکی لێهاتوو ئەو کارە ببینێت. ئەی باشە بۆ ڕەوا نییە دەیان کەسی زیرەکتر هەن لەناو پارتیدا ناکرێن بەسەرەک وەزیران, بەڵام نێچیرێک کە بۆنی شیری کاڵ لە دەمی دێت هێشتا, بەڵام ئەم ئەو شەرەفەی پێدەبڕێت؟؟؟؟؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەجێ دەهێڵین بۆ ئەو کەسانەی کە دەیان گرێتەوە.

هەر ئەم چەند ساڵەی پێشوو, پێش ئەوەی کە نێچیر ناوی بەم شێوەیە دەرکردبوو, د. ڕۆژ نووری شاوەیسیان کرد بە سەرەک وەزیران و نێچیریش بە جێگرەکەی. بەڵام چۆن جێگرێک, د.ڕۆژی داماو هەندێک جار ناوی دوا دەخراو ناوی نێچیریش لە پێشدا دەوترا ئەمە لای خۆی ئەو سەرۆکەو نێچیریش جێگرە. ئەگەر سەیرێکی مێژوو بکەینەوە بەخێرایی دەتوانیین ئەم ڕووداوەی سەرەوە بەراورد بکەیین لەگەڵ ئەو ماوەیەی کە سەددام جێگری ئەحمەد حەسەن بەکر بوو بە حساب, کەچی سەددام هەر خۆی دەسەڵات داربوو, هەتا لەدووایی دا ئیتر بەیەکجاری هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی. ئینجا هەر بۆیە تەمەنی سەرۆک وەزیرێتی د. ڕۆژی داماو زۆری نەخایاند و لەپڕ نێچیر بوو بە سەرۆک وەزیران. بۆ ئەوەی کە زۆر نەکەوێت لەسەریان د. ڕۆژیان بە حساب پلەیەک بەرزتر کردەوە بۆ سەرۆک پەرلەمانی و جەوهەری ڕەسەدیش لە جەوهەرەکەی کەم کرایەوە, و ئیتر نازانم دوایی کردیان بە چی. ئەی ئافەرین بۆ ئەو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسی و ناوەندی و هەتا خوارەوەش کە ئەو شەرمەزارییەیان پێ قووت دەدرێت. با گریمان بارزانی خۆی زۆریش پیرۆزبوو لە ڕاستیدا وخەباتێکی گەورەشی کردبێت بۆ کورد, بەڵام توخوا ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە دەبێت ئیتر

بەو شێوەیە بێت؟  ئیتر دەبێت کوڕ و کوڕی کوڕی منەت بکەن و بکرێنە کوێخا و دەمڕاستی نەتەوەیەک؟ ؟؟؟؟؟ لە ماوەی ئەم چەند ساڵانەی دوایی کە نێچیر سەرۆک وەزیرانە, میدیای پارتی تەرخانکراوە بۆ زەقکردن, دەرخستن و پیرۆزکردنی کاک نێچیرڤان بارزانی.

با بەزەییینامەیەکیش ئاڕاستەی شارە دێرین و خۆشەویستەکەم, شاری هەولێر بکەم, هیوای ڕزگار بوونیان بۆ بخوازم لە فەرمانڕەوایی خێڵی دیکتاتۆر. هەرچەندە من دڵنیام کە زۆرینەی هەولێر دەنگنادەن بە پارتی, چونکە من شاری خۆم دەناسم و هێشتا هاڕەو وڕەی دەبابەکانی 31. ی ئابیان لەبیر نەچۆتەوە. ئەمە دەستی ساختەکاری وایکردووە کە کە پارتی لەپێشەوە بێت لە هەولێر, چوونکە پارتی هەموو هێزی خۆی تەرخانکردبوو کە هەر دەبوو لە شارەوانی هەولێر بیباتەوە جا بە هەرڕێگایەک بووبێت. بەڵام خۆشی لەوەدایە کە هەرچەندە ئەو هەموو هەوڵ و ووشە بریقەدارانەی بەکاریان دەبرد و منەتی پێوە دەکەن بەسەر کورددا, کەچی لە سەر ئاستی  سێپارێزگاکەی هەرێمی کوردستان دۆڕاندوویانە. ئەمە مژدە بەخشەو نیشانەی سەرەتای کۆتایی دەسەڵاتی نەویستراوی بۆماوەییە و, خەڵک بەرەو تێگەشتنی یەکجارەکی دەچن. چیتر گەل گێل نییە و بەرچاویان بە بێژن ناگیرێت!!!

بۆ ئەوەی ئەم نووسینە زۆر درێژ نەبێتەوە لەوە زیاتر, وە خوێنەر بتوانێت بە باشی هەرسی بکات, درێژەی ئەم باسە دادەنێم بۆ بەشی دووەم.

aryansorani@hotmail.com
07.02.05